شەبەنگ

# جارێکی دیکە... سیناریۆ



مەحمود زامدار

سەردەمانێکە لە نێو زمان و لەسەر زمانی ئێمەدا، زاراوەی (سیناریۆ) بەکارهاتووە و بەردەوامیش تەتەڵە دەکا: (سیناریۆی سیاسی، سیناریۆی ڕۆژنامەوانی، سیناریۆی بازرگانی، سیناریۆی هەڵبژاردن، سیناریۆی دەروونی، سیناریۆی پەروەردەیی، سیناریۆی هونەری و ئەدەبی، بەهەموو چەشن و بوارەکانییەوە،...تاد.

مانای هەندێکی ئەو سیناریۆیانە (پلان) یا (بەرنامە) یا (سیمبوڵ) یا (دەسسوکی) یا (هەڵفریواندن)..تاد.. دەگەیێنێ و ڕێ و لە چەند لاوە ناوانی بۆ هەڵدەبەسترێ... هەریەک لەو سیناریۆیانەش (دوو) یا (چەند) ڕووی هەیە، ڕووی یەکەمیان دیارە و ئەوەی دیکەیان شاردراوە..!! بۆیە گەلێ جار لێتۆژینەوە و ڕاوبۆچوونی بەشێکی هەرە زۆری ئەوانەی لەو دیاردەیە دەکۆڵنەوە پووچەڵ دەبێتەوە بێ ئەنجام.. مەگەر ناڵێم ئەوانەی زۆر بەتەڕفامی و وردەکارانە گشت لایەن و ئامراز و کەرەستە و هۆکارەکانی ئەو سیناریۆیانە لەیەک گرێ دەدەن و ئەنجامێک وەدەس دەخەن، کە ئەمەش زۆر دەگمەن و قورسە و مایەی هزرێکی بەرفراوان و لەسەرخۆیە.. لەنێو ئەوانەشدا هەر مەگەرکاری ئەفراندنی ڕاستەقینە) نەبێ، کە کەمتر، زۆر کەمتر پێویستی بەو چەشنە سیناریۆیە دەبێ، دەنا ئەوانی دیکە بەهەموو جۆرەکانییەوە پێداویستییان بەو سیناریۆو پلان هەیە بۆ سەرخستنی مەبەستی شاردراوەکان.

لێرەدا من مەبەستم ئەم بابەتانە نییە، بەقەد ئەوەی سیناریۆی هونەرییەو و بەس، بەڵام وەک بەراییەک پێویستە ئەم ئاماژەیە هەر بکرێ. ئەوەی مایەی نیگەرانییەکی قووڵەو زۆریش بەزەقی خۆی دەنوێنێ (کەم)ی زۆر زۆر (کەم)ی یا هەر (نەبوونی) (سیناریۆنووس) و (سیناریست)ە لە کوردستان، نەخاسمە لەبواری هونەردا، لە هونەریشدا لەبواری فیلمی سینەماییدا.. وەک دیاریشە هۆو ئەنگلێزەکانی ئەم دیاردە ناهەموارە زۆرن و نامەوێ هەر هەمووی -بەم وتارە- هەڵڕێژم، تەنیا ئەوەنەبێ کە ئامۆژگاری هونەرە جوانەکانی سەر لەبەری کوردستان لەمە بەرپرسن و ئەرکەکەش بەسەر کرۆزەڵەی شانی ئەواندایەو وەڵامی ئەو هۆکارانەش هەر دەبێ ئەوان بیدەنەوە..!

دانانی سیناریۆ کارێکی هەروا ئاسان نییە، تا هەر کاڵفامێک بێو خۆی لەقەرەی بدا، بەڵکو سیناریۆ کۆڵەگەیەکی هەرە پتەوی هەر کارێکی هونەرییە و بنیادێکی توند و قایمی هەیەو لەسەر ئەو زەمینەیە لەنگەر دەگرێ، خۆ گەروا نەبێ کارەکە دەبێ بەکەفەژیلەو هیچی دیکە..! زۆربەی ئەوانەی لەدەرەتانەکانی ژیان و نەخوازەڵڵا لە هونەردا کاردەکەن (سیناریۆ) بەشتێکی لاوەکی دادەنێن و ئەو بایەخە هەرە مەزنەی پێنادەن، چونکە کارەکە خۆی لەخۆیدا هونەرێکی بەرز و پسپۆرییەکی تەواوی ئەکادیمی و لێتۆژینەوەیەکی پەلهاوێژ و پڕ لەلق و شالق و پۆپە. ئەوانەی لە جەستەی سیناریۆ ناگەن و (بیرۆکە) و (ئەکتەری سەرەکی) و (گرێی سەرەکی) و (ڕووداو) و (ململانێ) پڕ لە ڕووحی دراماو ئینجا (ترۆپک)، دەکەنە چێشتی مجێور و تانوپۆی دەشێوێنن، بەهیچ کلۆجێ کارێکی داهێنەرانە ناخەنە بەردڵ و دیدە..!

دەی کوا (سیناریۆنووس)ی بلیمەت و ژێهاتوو.. تۆ بڵێی دیاردەی ئەوکارە سەقەت و ئیفلیج و بۆڕ خواردوانەی نێو بزاڤی درامای کوردی، لە نەبوونی سیناریستی بەتواناوە سەری هەڵنەدابێ..؟ ئەی تۆ بڵێی: لەبەرنەبوونی یا کەمی سیناریۆی سیاسی، ئەم هەموو نیگەرانی و دەردەدڵە بەسەر نەتەوەی ستەمزدیدە نەهاتبێ؟.. پرسیارێکە و بەس..!

نڤیسەر و هەلبەستڤان موئەیەد تەیب بۆ :

# ئەزو ژ وان هەلبەستڤانانم یێن کێم هۆزانی دنڤیسن

**موئەیەد تەیب ئێک ژ مەزنترین نڤیسەر و هەلبەستڤان و سیاسەتمەدار و ڕەوشەنبیرێن دەڤەرا دهۆکی دهێتە نیاسین. ل سالا ١٩٥٧ی ل دهۆکی هاتیە سەر دونیایی. ژیانەکا پڕی نەخۆشی و تێکوشینا ڕەوشەنبیری بووراندی یە. نوکە بەرپرسی دەزگەهی سپیرێز یی چاپ و وەشانی یە و ئەندامی ئەکادیمیا کوردی یە. د دیدارەکا تایبەت دا ل دوور ژیانا خۆ بۆ گۆڤارا هەرێمی کوردستان دئاخڤیت.**

**ئا: جانو بلانی**



موئەیەد د خێزانەکا پێکهاتی دا ژ حەفت برا و سی خووشکان دەست ب ژیانی کر و خۆ ژ هەموویان بچووکتر د هژمێریت. بۆ هەرێمی کوردستان ل دوور دەستپێکا ژیانا خۆ دبێژیت: ل سال ١٩٦١ دەما شۆرەشا ئەیلولی دەستپێکری، تەمەنی من چوار سال بوون، تشتی ل بیرا من ل دەمی وی شۆرەشی هژمارەکا پۆلیسان ب سەر مالا مە دا گرت و برایی من حەسەن ژ بەر حزباتی و کوردینیی دەستەسەرکر. پشتی گرتنا برایی من چەندین مامۆستا و کەسێن دی ژی هاتنە گرتن و پاشی ڕژێما بەعس برایی من سی هەیڤان حوکم کر و ما د زیندانی دا.

ل سالا ١٩٦٣یی من دەست ب خواندنی کر، ل وی دەمی قوتابخانە ب ناڤی (ئێک و دو و سی) دهاتنە ناڤکرن، نە وەکو ڤی دەمی بوو. د وی سالی دا برایەکی من دگەل بابی من هاتنە گرتن و پاشی برایەکی من یی دی گەهشتە هێزێن شۆرەشی، چونکو ل سالا ١٩٦٣یی ژ بەر شۆرەشا ئەیلولی گەلەک مامۆستا و کەساتییێن کوردان دهاتنە گرتن.

موئەیەد تەیب دیسان گۆت: ڤی چەندی گەلەک کارتێکرن ل من کر، چونکو ڕەوشا سیاسی گەلەک یا ئالوز بوو. ئەز وەکو زارۆیەک د ناڤ وی ڕەوشا ئالۆز دا رابووم، لی د سەر وی چەندی را ئەز زارۆیەکی هێمن بووم و ل قوتابخانی گەلەک یی زیرەک بووم. هەر ل زارۆکینیا خۆ من گەلەک حەز ژ گوهداریا چیرۆکان دکر و ئەگەر من ئێک جار گوهداریا چیرۆکەکی کربایە دا د سەری من دا مینیت.

ل دوور ڕۆژانێن قوتابخانی دبێژیت: هەردەم ل پۆلا خۆ قوتابییی ئێکی بووم و من گەلەک حەز ژ خواندنی دکر. دەما مامۆستای وانەک وەکو ئەرک ددامن، بەری بگەهم مال من ب ڕێکی ڤە و ل سەر جادی واجبی خۆ دنڤیسی و من گەلەک ب خەم پەرتۆک د هەلگرتن. خواندنا من ب زمانی عەرەبی بوو لی ڕۆژەکی مە ئەزموونەکا عەرەبیی کر، قوتابیەکی پۆلا مە کو ژ پارێزگەها هەولێر هاتبوو پەیڤێن عەرەبی ب کوردی دنڤێسین، پشتی مامۆستای کاغەزێن مە ئینایین بۆ وی ل سەر تەختە ڕەشی شرۆڤەکر و من ژی ب وی چەندی تشتەک ژ کوردیی زانی. پاشی من زمانی کوردی دگەل خۆ نڤیسا و خۆ فێری

# زارۆکینیی هشیاریەکا نەتەوەیی بۆ من پەیدا کر و من تەمەت دیوانەکی هەلبەستێن بەلاڤکری هەنە

زمانی کوردیی کر.

هەلبەستڤان موئەیەد تەیب د درێژیا گۆتنێن خۆدا دبێژیت: ل سالا ١٩٧٠یی برایی من پەرتۆکا دیوانا ئەحمەدی خانی ئینا مال، من ژی ڤەکر و رەهوان ئەو پەرتۆکە خواند. ئەو ئێکەم پەرتۆکا کوردی بوو من خواندنی و ئێکەم سەربوورا من یا راستەقینە بوو د زمانی کوردی دا، من شعر د وی پەرتۆکی دا خواند و پی داخباربووم.

ل سالا ١٩٧١ی من ل قوتابخانی وانا کوردیی خواند و ئەز ژ قوتابیێن زیرەک بووم. د وی سالی دا من (وزن وقافیه)یێن هوزانی خواندن و پاشی من هەولا نڤیسینا هوزانی کر. ل سالا ١٩٧٥ی دەستپێکا راستەقینە یا نڤیسنا هوزانی بوو د ژیانا من دا.

رەوشەنبیر موئەیەد تەیب هەروەسان گۆت: من خەباتا خۆ د ناڤ بازێری دا وەکو ئەندامی ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانی و ئەندامی شانەکا نهێنی ل رێکخراوا چرا دەستپێکر. قۆناغا شەشی ئامادەیی من ل هەولێری ب دووماهی ئینا و من پشکدارییی د چەندین کۆرێن هوزان خواندنی دا کر.

پشتی من قۆناغا ئامادەیی ب دووماهی ئینای ئەز بەەرڤ بەغدا چووم و ل وێرە بوومە قوتابیا زانکۆیا بەغدا کولیژا یاسا و سیاسەت. ل بەغدا ژی ئەز یی ژ چالاکیان دوور نەبووم و من دگەل حەفتینامە هاوکاری کارکر پاشی بوومە بەرپرسی بەرپەری کرمانجی ل رۆژنامی. دیسان من بەرنامی هەر سترانەکی چیرۆکەک یا هەی ل رادیویا کوردی ل بەغدا پێشکێشکر.

تەیب دبێژیت: ل سالا ١٩٧٨ی ئەز بوومە ئەندامی ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد ل و ئەز بچووکترین ئەندام بووم. یی چالاک بووم و د چەندین رۆژنامە و کۆڤاران دا کارکر و نڤیسین و هەلبەست ژی بەلاڤ دکرن.

ل سالا ١٩٧٩ی من بزاڤ کر دیوانەکا هەلبەستێن خۆ چاپ بکەم لی رژێمی نەهێلا.

ل سالا ١٩٨٢ی ئەز چوومە د ناڤ رێزێن شۆرەشا گولانی دا و پشتی سالەکی ئەز بەرەڤ دەرڤەی وەلاتی چووم و ل سوید ئاکنجی بووم.

ل سوید ژی ئەز ژ بزاڤا رەوشەنبیری یی دوور نەبووم و من دگەل کۆڤارا بەربانگ کارکر کو کۆڤارەکا فیدراسیوان کوردی بوو ل سوید دەردکەڤت و تا نوکە ژی یا بەردەوامە. پاشی ئەز بوومە سەرنڤیسەری کۆڤارا بەربانگ و پاشی ئەز ژ ستوکهولم چوومە بازێرەکی دی و بوومە مامۆستایی زمانی کوردیی ل وێرە و دیسان بوومە وەرگێر ژی.

ئێکەم دیوانا خۆ یا هەلبەستان ب ناڤی ستران و بەفر و ئاگر چاپکر و هەتا نوکە سی جارا هاتیە چاپکرن. نها من تەمەت دیوانەکی هەلبەستێن بەلاڤکری ل رۆژنامە و کۆڤاران هەنە لی هێشتا من نەکریە دیوان.

پاشی ئەز ژ سوید زڤریم و ئێک ژ دامەزرێنەرێن سەتەلایتا کوردستانی نڤیسینگەها دهۆک بووم و بەرپرسی پشکا کرمانجی بووم. ل سالا ٢٠٠٢ من دەزگەهی سپیرێز دامەزراند و بوومە رێڤەبەری دەزگەهی و هەتا نوکە ژی یی بەردەوامم. و ل سالا ٢٠٠٦ی بوومە ئەندامی ئەکادیمیا کوردی و کوری زانیاری یا کوردی یا کەڤن.

هێشتا ئەز زارۆک هشیاریەکا نەتەوەیی ل دەف من پەیدابوو و د ژینگەهەکا هوسا دا مرۆڤ ب دوزا خۆڤە دهێتە گرێدان. لەوما د هەلبەستا خۆ دا ئەز گەلەک دلسوزی دوزا خۆ بووم و دوزا کوردی بۆ من ژ هەر تشتەکی گرنگتر بوو.

هەرێمی کوردستان: ئەگەر چ بوون کو تو وەک رەوشەنبیرەکی کورد بەرەڤ دەرڤەی وەلاتی بچیت؟

موئەیەد تەیب: ل سالا ١٩٨٢ی شۆرەش گەلەک بەرفرەه بوو و خەلک ژی مشە بوو، لەوما شۆرەش نەشیا هەموو کەسان ڤەبگریت و هژمارەکا کەسان چوونە دەرڤەی وەلاتی. هەروەسا من حەزکر بچمە ئەورۆپا وەکو پەنابەر ل وێرە بژیم، چونکو عیراق بۆ مە وەکو زیندانەکی لی هات بوو و من دڤیا دەوروبەری خۆ ببینم و خۆ پێشبێخم.

موئەیەد دیار کر کو ئەو ژ وان هەلبەستڤانانە یێن کێم دنڤیسن و گۆت: هەر هەلبەستڤانەکی حەزەک یا هەی و هەر ئێک ب چاڤەکی بەری خۆ ددەتە نڤیسینا هەلبەستی.

دیسان من هژمارەکا پەرتۆکێن نڤیسی و یێن زارۆکان هەنە و کۆڤارا کەپر ژی بەرهەمی منە ژبەرکو ٩٠٪ی ئەز دنڤیسم و من هەموو هێزا خۆ دا یە کەپری و پەرتۆکێن زارۆکان.

هەروەسا چ رۆژ ناچن ئەگەر ئەز ژ دەمژمێرەکی کێمتر بخوینم و هندەک جاران هەتا ٦ یان هەشت دەمژمێران ژی من خواندی



## ئەوا د زارۆکینیی دا ب دەست مە نە کەفتی بلا ب دەست زارۆکێن مە بکەڤیت

یە.

دەربارەی کاری دەزگەهی گۆت: ژ دەزگەهی سپیرێز مە ٧٥ هژمارێن کۆڤارا کەپر و ٥٥ پەرتۆکێن زارۆیان دەرێخستیە و پووتەکی مەزن ب زارۆیان دایە. چونکو ئەوا د زارۆکینیی دا ب دەست مە نە کەفتی بلا ب دەست زارۆیێن مە بکەڤیت.

........

ئەڤە ژی چەند کوپلەیەکن ژ هەلبەستەکێن موئەیەدی نە:

**بوهارڤانۆ**
**بوهارڤانۆ.. چ بوهارە؟**
**گەر بوهار بیت.. چ هەوارە؟**
**چ شینی یە و چ زێمارە؟**
**بنەفش و نێرگز چرمسین..**
**کا بوهارڤان لی نە پرسین؟**

.....

**سبە نەکە گری دایی؟**
**سبە.. دایی!**
**هێشتا تاری..**
**بەری رۆژ بێتە ڤی واری..**
**بەری هێلین ڤالا بین..**
**بەری پالە هشیاربین..**
**من و سێداری ژڤانە!**

.....

**گولیا گەنمی**
**هەتا سەری گولیا گەنمی نەبڕن،**
**جەنجەر نەکەن،**
**دو جارکی ل ئاشی هویر نەکەن،**
**هەڤیر نەکەن،**
**ل بن سێلا رەش،**
**ئاگرەکی سۆر هەل نەکەن،**
**نابیتە نان.**
**عەور هەتا نە پەقیتن،**
**گۆڕی و ئاگر ژی نە چیتن،**
**نابیت باران.**
**دلی من ژی..**
**هەتا دەستی خەم و ژانا نە گڤێشیت..**
**نابیتە لاوک و حەیران.**

# رێ لەخۆشەویستی مەگرن



خاڵەڕەش رەواندزی

ئایا ئەمە داهێنانە؟
یاخود ئیرەیی خۆیەتی..
ئەوەی کە هەستیکرد
بەوانەی یەکتریان زۆر خۆشدەوێ
لە داخیانا رۆڕۆیەتی.
هەرچی یاساو رێساکانە
زۆر بە روونی وتوویەتی..
لە پەرتووکی پیرۆزیشدا فەرموویەتی،
هەر کێ بلێ خۆشەویستی رەوانییە
ئەوەی لە ناخی ئەودایە
بزانرێ و بکرێ شرۆڤە..
دەردەکەوێ دژو دوژمنی مرۆڤە..
خۆشەویستی،
لە کەناری پڕ مەینەتی
بۆ کەناری هێوری شێوەی کەشتییە
خۆشەویستی..
لە دایکبووی گەورەیی و شادی و ئاشتییە
خۆشەویستی،
کانی حەزو کارو تەبایی و گەشەیە

### ئاگاداری

**لە ژمارەی دادێ چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لە گەڵ د. ئازاد ئەحمەد دەربارەی بنیادی زمانی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٨٥-٢٠٠٥ بڵاودەکەینەوە**

## سێ دیالۆگی فەلسەفی

# دیکارت پێشەنگی فەلسەفەی نوێیە!



خوێندنەوەی: محەمەد وەسمان

سەبارەت کاریگەری زانست لە ڕەوتی فەلسەفەدا، سادق جەلال عەزم دەڵێت: لە تەک فەلسەفەی پارێزگەرایێتی، فەلسەفی ڕادیکالی و چەپی فەلسەفی هەبوو، کەوا مایەکییەتی میکانیکی پەسند کردو بەرگری لێکرد.
بەرچاوترینیان تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩م) بوو، لە کتێبەکەیدا (لیفایاسان)، کە تیایدا ئەنتۆلۆجیا (بوونزانی)یەکی گشتگرو پتەوی داڕشت ڕاڤەی دیاردەکانی بوونی دەکرد، سەرباری ڕاڤەی دیاردە سروشتی و هزری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی دیکە، سەرەڕای ئەوەش پێلی ڕادیکالی دووپاتیکردەوە کە دەستەڵاتی سیاسی و سەرچاوەی گرێبەندی دەستەڵات سروشتێکی جیهانی (دنیایی) و مرۆیی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێلی بەیەکەوە ژیان یا پێلی ناوەندگریی فەلسەفی لە ئارادا بوو، دەیویست (ئەوەی ئی قەیسەرە بیداتەوە قەیسەرو ئەوەی ئی خودایە بیداتەوە خودا). پێلی پارێزگەرێتی پابەندبوونی خۆی بە هەموو بنەماکانی ئەنتۆلۆگیای گیانی کە لە چاخەکانی ناوەندەوە مابوونەوە ڕاگەیاند.
پێلی ڕادیکالی، بێ سوولێبوونەوە، دەستبەرداری ئەنتۆلۆژیای گیان بوو، بەڵام ئەو بوو ئەو پێلەی لەوکاتیدا زاڵ بوو بەسەر فەلسەفەی نوێداو گوتارە فەلسەفیەکەی داڕشت ئەو پێلەبوو کە هەوڵیدا ئەنتۆلۆجیایەکی نوێ داڕێژێت پێداویستییەکانی زانست و گیان دابینبکات، دووانەگەریی دیکارت و لۆک و کانتبوو.
کەواتە هۆبز یەکەم ئەنتۆلۆژیای مایەکییەتی میکانیکی گشتگری داڕشت بەکاریگەری گالیلیۆ. پێلی مایەکییەتی بەردەوام بوو لە پەرەسەندن، بەڵام (مێژووی فەلسەفە) زۆر بایەخ بەم لایەنە نادات، بەلاوەکی دادەنێت، بەهۆی ڕێچکەی نموونەگەرایی- گیانیی ئەم مێژوونووسانە. دەبینین بایەخ بە دیدیروو لامتری و هولباخ و ڤولتیر نادەن- گوایە هزری ڕامانەکی فەلسەفیان نزمە ( دیارە لە گۆشە نیگای ئەم مێژوونووسانەوە)، بەڕای ئەوان دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠م) باوکی فەلسەفەی نوێیە، واتە یەکەم کەسە ئەنتولوجیای گیانی- مایەکییەتی سازشکارانەی بنیاتنا، کاریگەری هەبوو لەسەر پێلی سەرەکی هزری فەلسەفی نوێ لە دیکارتەوە بۆ هیگڵ.
ئەمەیە بەرنامەو ڕێبازی فەلسەفی کە مێژووی رووکەشی فەلسەفە بایەخی پێدەدات سەبارەت بەوەی ئایا دیکارت ڕۆڵی گونجاندنی هەردوو بۆچوونەکانی دەگێڕا لە نێوان ئەنتۆلۆجیای مایەکییەتی میکانیکی و ئەنتۆلۆجیای گیانیی کولتووری، دەڵێت: فەلسەفەی دیکارت سازشکارانە نەبوو، بە واتا باوەکەی، دیکارت هەوڵیدا بوون دووکەرت پێشان بدات، جیهانی ماددەو جیهانی گیان. ئەوەشیان بە کاریگەری مایەکییەتی میکانیکی و فەلسەفەی زانست



تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩م)

بوو، نەک ڕێبازی گومانگری، وەک مێژووی رووکەشی فەلسەفە وا پێشانی دەدات.
دیکارت ڕامانە فەلسەفیەکەی کتێبی (ڕامانەکان)ی پێشکەشی ڕاگرایەتی کۆلێجی لاهووتی پیرۆز لە پاریس و دکتۆرەکانی کرد، بەو هیوایە ئەم دووانەتیە بە فەرمی وەربگیرێت. ئەوەیش دەبووە هۆی جیاکردنەوەی جیهانی ماددەو زانستەکانی و بەرنامەو ڕێبازو گوتەکانی دوور لە جیهانی گیان و ڕێبازو گوتەکانی. واتە دیکارت بۆ یەکەمجار، لە کۆتایی چاخی ناوەڕاستەوە، توانی هاوسەنگییەکی فەلسەفی ئاشکرا دروست بکات لە نێوان گیان و ماددە، بۆ یەکەمجارە دەکرێت هەموو دیاردە سروشتییەکان میکانیکی و بیرکاریانە ڕاڤە بکرێت دوور لە بۆچوونی نموونەگەریی یا هێزی سروشت بەدەر، ئەوەشیان دەسکەوتێک بوو بۆ زانست و مایەکییەتی و پێشکەوتن. کەواتە وەک چۆن سادق جەلال عەزم دەڵێت «مارکسایەتی فەلسەفەی هاوچاخە»، بەهەمان شێوە مایەکیەتی میکانیکی لەسەردەمی خۆی فەلسەفەی هاوچاخ بوو. لاپەڕەکانی (٥٦-٥٨) لە (سێ دیالۆگی فەلسەفی)، د. سادق جەلال عەزم.



دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠م)

چیرۆک

# شمشاڵی پیرۆز



ئازاد ئەرگوشی

لەپاییزە شەوێکدا ڕەوە گورگێک کەوتنە نێو مێگەلە مەڕی شێخێک و ئەو پەلامارە بە کۆمەڵە قاتوقڕێکی گەورەی لێکەوتەوە، ئیدی داخی لەدەستدانی مەڕ و ماڵاتەکەی ئەوەندە گران بوو شێخ لەتاوان کەوتە وێزەی شوانەی بەستەزمان و تێروپڕی کوتا، بەڵام شوانە لەناو ئەو هەموو ئازاری جەستەیەدا تەنها خەمی شمشاڵەکەی بوو، بۆیە ئەوەندە بە پەرۆش وەک کۆرپەیەکی ئازیزی خۆی کە بیەوێت لە ترسێکی گەورەی بەدوورکاتەوە ئاوا شمشاڵەکەی لە ئامێزی خۆی قرساندبوو، بەڵام ئەوەندە لێدانی خوارد و ئازار درا تا بورایەوە.. ساتێ وەخۆهاتەوە یەکەم شت کە بەمێشکیدا هات شمشاڵەکەی بوو، بەڵام داخەکەم کە شمشاڵەکەی لە دەوروبەری خۆیا نەبینی، دووبارە بەرگەی ئازارەکانی نەگرت و بورایەوە.

چەند ڕۆژێک بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕی شوانەکە هەر وەخۆ نەهاتەوە خێزانی شوانەکە بەناچاری پەنای بۆ ماڵی شێخ برد و پێی گوت: گەورەم بیکە بۆ خاتری خوا مێردەکەم تا ئێستا وەخۆ نەهاتۆتەوە ئاگای لەخۆی بڕاوە، تکات لێدەکەم بەگەورەیی خۆت و باب و باپیرتان وەرن دەستێک بەسەریدا بێنن، چونکە دەستی ئێوە شیفایە، شێخ بەبیستنی ئەم قسانە بڕیاریدا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە سەردانی شوانەکە بکات، بەڵام پێش ئەوەی بڕوات بانگی خزمەتکارەکەی کرد و پێی گوت: بڕۆ دیوەخان شمشاڵەکەم لەسەر پەنجەرەکە داناوە لەگەڵ خۆتا بیهێنە، کاتێ شێخ لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکە سەردانی شوانەکەیان کرد، خێزانی شوانەکە لەخۆشییا دەمی لێک نەدەبۆوە، شێخ دەستێکی بە سەرسەری داهێنا و دەستی ڕاستی شوانەکەی گرت و شمشاڵەکەی خستە ناولەپی، زۆری پێنەچوو پەنجەکانی دەستی شوانەکە کەوتنە جووڵە، بەتوندی شمشاڵەکەی گوشی، پاشان چاوەکانی کردەوە و سەرنجێکی بە دەوروبەری خۆیدا خشاند و بەتاسەوە تەماشاییێکی شمشاڵەکەی کرد ئەوکاتە زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوی! هەموو ئامادەبووان پێکەوە گوتیان: سوبحانەڵڵا ئەمەیە کەرامەت.

بەڵام شوانەکە کە زۆر بەتاسەی ئەوە بوو لەگەڵ ئەو لێک دوور کەوتنەوەیەدا جارێکی دیکە لێو بەدەمی شمشاڵەکەوە بنێ و ئاوازێکی بە جۆش بژەنێ، لەماوەیەکی کورتدا چەندین ئاواز و نەوای جۆراوجۆری ژەنی تا هەموو حەسرەتەکانی خۆی شکاند، ئینجا بە ئەسپایی چاوەکانی لێک ناو گیانی سپارد.. ئیتر دوای ئەوە شمشاڵەکەش لەگەڵ ئەودا نوزەی لەبەر بڕاو بوو بە پارچە قامیشەڵەیەکی زۆر ئاسایی کە هیچ نرخ و بەهاییێکی نەمێنێ، ئیدی لەو ڕۆژەوە نەلێوێکی دیکە، نەهەناسەی جەنابی شێخ نەیان توانی ڕۆح بخەنەوە بەر جەستەی ئەو شمشاڵە کۆست کەوتووە، بەڵام لەجیاتی ژەنین وەک شمشاڵێکی شفا بەخش بە شان و ملی کەسانی نەخۆش و دڵ پڕ لە حەسرەتیان دادەهێنا...



ئەمیری خدیات

**پێشکەشە بە گیانی پاکی کۆچی ناوادەی هاوڕێی جوانەمەرگ م. سەباح**

# مەرگ

پێش هەفتەیەک، تۆ پێت وتم
لەم ڕۆژانە، من دێمە لات
کەچی هێشتا هەر نەهاتی

* * *

لە ئاسۆدا، خۆر هاتەدەر
پێش هاتنەدەر، ئاوا قەدەر
کەچی هێشتا هەر نەهاتی

* * *

وڵات چاوی لە دەستت بوو
سەرەتای گەنجی و لاویت بوو
بۆچی؟ ڕۆیشتی و جێتهێشتین

* * *

لە تەمەنێکی ناوەختا
لە کەرنەڤاڵێکی زۆر سەختا
بۆچی؟ ڕۆیشتی و جێتهێشتین

* * *

هاوڕێم سەباح، واپێت ئەڵێم
تا مردنیش، هەر چاوەڕێم
بۆچی؟ ڕۆیشتی و جێت هێشتین

* * *

# حەوت تابلۆ..



هیوا ئەحمەد مستەفا

**شار..**
هەولێری پایتەختی هەرێمەو.
سەردەمی کابینەی
شەشە
وەک باس دەکەن ئەمجارەیان
وادەی تێپەڕاندنی
بەڕێوەبردنی هاوبەشە
**کات..**
پێش کازیوە ئەنگوتنەو
تەنیا نانکەری نانەوا خانەکان
بۆبەرچاوڕوونی
ڕێگایان
فانۆسکیان لەدەست دایە
لەگەڵ کلیلی
دوکانەکان
**شەقامەکان..**
سەرتاپایان داپۆشراون
بەوێنەی ئەوپاڵێوراوانەی
بۆئەندام بون لە پەرلەمان
پارتەکانیان ناویان داون..
**دۆخ..**
لای ئێمەنا
لەشارەکەی ئەولای ماڵمان
ئەم لەگەڵ ئەو مشت ومڕە....
ئەوەی قسەدەکا هەست دەکەی
وەک و ئەسپی برینداراوە
خەڵکیش هەمووی پڕە
**چارە..**
چارە ئەوەیە بەتێکڕا
بەشداریبکەین لە دەنگ دان
بەڵکوخوابکات ئەمجارەیان
باشتر سەرکەوێت
کوردستان

**ولات..**
باشوری کوردستان
لە عێراقیش هەر بۆ جوان
فیدراڵێکی پێوەلکاوە
**سەدە..**
یەک لەپێش دوو
قیت و قنجە
بە بیست و یەک
ئەژمار کراوە



# عەلی فەتاح دزەیی
# شاعیرو نووسەرو رووناکبیر

**هێمن خەلیل بلباس**

ناوی ( عـەلی کـوڕی فـەتاح ئاغـای کـوڕی حـەوێز ئاغـای دزەیی ) یە، لەسـاڵی ١٩٢٨ لەگوندی دووسەرەی نزیک ناحیەی قوشتەپە لەدایکبـووە، لای مـامـۆسـتـای مـزگـەوت (مەلا) فـێری قـورئان خوێندن بووە نازناوی شـیـعری (مـوخلیس)ە، جگـە لەماۆسـتـای ئایینی شـاعـێـریکی بەهرەمـەندو ئەدەب دۆسـتـیـش بوو، قـۆناغی سـەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی قازیخانە تەواو دەکات، پاشان دەچێتە شاری هەولێر بۆ خوێندن لە قـوتابخانەی سانەوی هەولێر کە لەو کات ئەو قـوتابخـانە هەبوو، شـاعـیـر لەمـاوەی ژیانیدا چەند جارێک لەسەر بیروڕای ئازاد و داواکردنی مافی گەلەکەی راپێچی زیندان کـراوەو ئازاری زۆریان پێگەیاندووە لەلایەن رژێمەکـانی ئەو سـەردەمـەوە، بەڵام خـوێندن لای زۆر شیرین بووەو بۆ یەکجارەکی وازی لە خـوێندن نەهێناوە، لەپاشان لە (کـۆلیـژی حقوق ) لە شاری بەغدا وەردەگیرێت، بەڵام لەسـەر بیـروڕای کـوردایەتی دەگـیـرێت و راپێچی بەندیخانەی دەکەن، بۆ ماوەی سێ سـاڵ زیندانی و سـاڵێک لەژێر چاودێری دەبێت.

لەسـاڵی ١٩٥٩ بۆ یەکـەمـجـار دەبێـتـە فەرمانبەری میری و لەفەرمانگەی دادگای هەڵەبجە دامەزراوە، لەماوەی ژیانیدا لەسەر هەسـتی کوردایەتی و نیـشـتـیـمـانپەروەری چـەنـدیـن شـــــوێـنـی کــــــــردووە لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان و عێراق، لەسـاڵی ١٩٦٠ دەبێـــتــە بەڕێوەبەری شـارۆچکەی پێنجـوێن و چەند ناوچەیەکی دیکەی عـێراق تا لەسـاڵی ١٩٨٣ لەسـەر داوای خۆی خانەنیشن دەکرێت و دەگەڕێتەوە شـارە شـیـرینەکـەی هەولێـر، عـەلی فـەتاح دەست دەکـاتەوە بە کـاری پارێزەری، بەڵام لەسـاڵی ١٩٨٦ تووشی نەخـــۆشی شـێـرپەنجـەی قـوڕگ دەبێت پاش چەندین شوێن بۆ رزگاربوون لەو نەخۆشییە، بۆدواجار لەساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کرد .

عـەلی فـەتاح دزەیی کـاتێک حـەزی بە خوێندنەوەی شیعرو ئەدەبیات کردووە کە بۆ فـێربوونی قـورئان خـوێندن چۆتە حـوجـرە، لەساڵی ١٩٤٦ ئیلهامی شیعری بۆ هاتووە، واتە لەپۆلی یەکی ناوەندی بووە شـیـعـری هۆنیـــووەتەوە، کـــاریگەری هەندێک شـاعـیـرانی بەسـەروە بووە و هەندێک لەشیعرەکانی ئەو شاعیرانەی لەبەر بووە لەوانە (نالی ،گـۆران ، شـێخ رەزای تالـەبانـی ، ئـەدەب ، تـاهـیـــر بـەگ ، موخلیس)، قۆناغی دووەمی شیعر نووسینی دەگـەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٣ کە بریتی بوو لە کۆمەڵێک شیعری ناسک و جوان .

عەلی فەتاح دزەیی وەکو زۆربەی شاعیران سەرەتا نازناوی شیعری بۆ خۆی داناوە کە ئەویش ( بێبـاک دزەیی ) بووە بەتایبـەتی لەو نامە شیعرییەی کە بۆ مامۆستای گەورە (گـیـو مـوکـریانی) ناردووە بەو نازناوەوە بووە، بەڵام کـاتێک بۆی بەدیار کـەوتووە کە چەند شاعیرێکی دیکە بەو نازناوەوە شیعر دەنووسن بۆیە بەناوەکـەی خـۆیەوە بەردەوام دەبێت لە شیعر هۆنینەوە.

شـاعـیـر لەژیانی بەندکـردنیـدا، بەرێگای فـەرهەنگ و کـورتە چیـرۆکی ئینگلیـزی، خـۆی فـێری زمـانی ئینگلیـزی کـردووە و ئاسـۆی بیری فـراوان کـردووە، بۆیە لەرووی وەرگـێـڕانەوە چەندین بەرهەم و بابەتی بەپێزی وەرگـێـڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی لەوانە (ملوانکەی ئەڵـمـاس) و چەندین بـەرهـەمـی دی، هـەروەهـا لـەبـواری لێکۆڵینەوەدا سـەرکـەوتوو بووە چەندین وتاری ئەدەبی هەبووە کـە هەندێکیـان بڵاونەکراوەتەوە، لەوانە ( ئەحمەدی خانی ) کـە بۆچوونی ژیرانەی هەبـووە، هەروەها لەماوەی بەندکردنیدا لەبەندیخانە ئاشنایەتی لەگەڵ گەورە شاعیری نوێخواز و کوردپەروەر (گـۆران) دا پەیدا کـردووە و کـاریگەری بەسـەرییـەوە هەبووە، هەڵبـەتە لەو مـاوەیەی کـەقـوتابی بووە لە کـۆلیـژی ئاداب بەشی زمـانی عـەرەبی لە وڵاتی سـوریا هەوڵی زۆری داوە شـارەزا بێت لە ئەدەبیـاتی ئەوروپی، عـەلی فـەتاح دزەیی لەڕووی مەبەستە شیعرییەکانەوە زۆربەی لایەنەکانی پێکاندووە لەوانە (نیـشـتـیـمـانپەروەری و کـوردایەتی و سـتـایش، دڵداری، وەسف، کـۆمـەڵایەتی) سـەرکـەوتنی بەدەسـتـهـێناوە، بۆیە لە پارچە شـیـعـرێکی بەناوی (سکاڵا) دەڵێ :

**نەکاغەزی بۆ دەنێرم**
**نە بای شەماڵ رادەسپێرم**
**نە هەڵدەکێشم ئاخی سەدر**
**نە کەللەی سەر دەدەم لەبەرد**
**نەڕۆژ یادی بەها دەکەم**
**نەبەشەو یادی پار دەکەم**
**نە خەیاڵ نەبیرەوەری**
**هیچ نەما گشتی هەڵوەری**

هەروەها لەپارچە شـیـعـرێکی کـۆمـەڵایەتیـدا دەڵێ :

**سەرتاپەنجەی پۆشتەی مۆدێلی تازە**
**کەهەر جوانێک لەبۆی ئاواتە خوازە**
**گەردگەردانەو گوڵی سەرسینگ مرواری**
**گوارەی ئەڵماس بۆی هاتووە بەدیاری**
**عەترو بۆن و ماکیاجی هی پاریسە**
**گوڵدان گەلێک نایابە هەڵ سیسە**


**سەرچاوەکان**

* د.مـارف خـەزنەدار ، مـێـژووی ئەدەبی کـوردی ، ب.٧، چ١ ، دەزگـای ئاراس ، ل٤٧٥.، عەلی فەتاح دزەیی
* عـەلی فـەتاح دزەیی شـاعـیـرو نووسـەرو تێکۆشەر، بەکر شاکر کاروانی چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر.

# پاش تێپەڕبوونی ٥٨ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی،

# فەرهەنگی جەلادەت بەدرخان کەوتە بەردیدی خوێنەران

عەبدولحەمید محەمەد
تایبەت بە گۆڤاری (هەرێمی کوردستان)

پاش تێپەڕبوونی ٥٨ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد شازادە جەلادەت عالی بەدرخان کە لە بنەماڵەی بەدرخانییەکانە، فەرهەنگی کوردی-کوردی بە پیتی لاتینی کە لە لایەن جەلادەتەوە نووسراوە، بە زیاتر لە سێ سەد لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ساڵانێکی دوورو درێژ ئەم فەرهەنگە لە لایەن کچەکەی شازادە سینەم بەدرخان پارێزاوە کە دەکاتە کچی شازادەی ناودار ڕەوشەن بەدرخان، ئەم فەرهەنگە بەم دواییە لە یەکێک لە چاپخانە کوردییەکان لە ئەستانبۆل بەناوی "ئاڤێستا" و لە سەر ئەرکی سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێز جەلال تالەبانی و هاوسەرەکەی هێرو ئیبراهیم ئەحمەد چاپکراوە.

لە هەفتەی ڕابردوو لە بنکەی ڕۆشنبیری فەرەنسی لە هەولێر، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و دۆستانی بنەماڵەی بەدرخانی، کۆتایی هێنان بە چاپکردنی ئەم فەرهەنگە ڕاگەیەندرا.

لە لێدوانێکیدا، خانمی شاژن سینەم بەدرخان بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ئەگەری دواکەوتنی چاپکردنی ئەم فەرهەنگەی ڕوونکردەوەو گوتی : دوای کۆچی دوایی باوکم لە ساڵی ١٩٥١، دایکم شازادە ڕەوشەن، بەهۆی کەم دەرامەتی و بوونی چەند کێشەیەک لە ژیانماندا نەیتوانی ئەو فەرهەنگە بە چاپ بگەیێنێت، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر کۆچی دوایی باوکم، دایکم داوای لە خوالێخۆشبوو عوسمان سەبری کرد یارمەتی بدات بۆ نووسینەوەی ئەم فەرهەنگەی، لەساڵی ١٩٧١ و دوای ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ ئادار، دایکم ئەم فەرهەنگەی ناردووە بۆ بەشی کوردی کۆڕی زانیاری عێراقی لە بەغدا، بەڵام چاپ نەکرا، تا ساڵی ١٩٧٤


جەلادەت بەدرخان

بەخۆم لەگەڵ هاوسەرەکەم سەلاح سەعدوڵلا سەردانی کۆڕی زانیاریمان کرد، بینیمان ئەم فەرهەنگە لەگەڵ گۆڤاری هاوار لە سەر زەوی فڕێدراون، بە نهێنی ئەم فەرهەنگەمان بردەوە ماڵ، دڵگرانبووین بەم کارەو وامان زانی فڕێدراوە، بەڵام دکتۆر کەمال مەزهەر ئەو نهێنییەی بۆمان ئاشکرا کرد و گوتی: بەعسییەکان ئەو پەرتووکەی بە دڵیان نەبا فڕێیان دەدا".

سینەم خان ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەم فەرهەنگە کاتێ لەکۆڕی زانیاری عێراقی بوو لەبەغدا شەش پیتی ونببوو، بەڵام سەلاح سەعدوڵلا کە ئەویش ڕۆشنبیرێکی بەناوبانگ بوو، توانی ئەم شەش پیتانە بەشێوەکی گونجاو زیاد بکاتەوە.

سینەم خان درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: لە فیستیڤاڵی دەزگای بەدرخان لە ساڵی ٢٠٠٦ لە سلێمانی خانم هێرو لە فەرهەنگەکەی پرسی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ بەچاپ گەیاندنی لە سەر ئەرکی خۆی و بەڕێز مام جەلال.

شازادە جەلادەت بەدرخان لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا باسی چۆنیەتی دەستپێکردن و دانانی ئەم فەرهەنگەی دەکات کە مەبەستی سەرەکی لە دانانی ئەوەیە کە بتوانێت ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی بۆ گەلی کورد دابڕێژێت و دەڵێت: لە ساڵی ١٩١٩ ەوە ئێمە ڕۆیشتوین بۆ شاخەکانی مالاتیا، لە ناو عەشیرەتی ڕەوان جێگیر بووین، میجەر نویل کە ئینگلیز بوو، لەگەڵمان بوو، زاراوەی کرمانجی سەروی دەزانی و هەوڵی دەدا زاراوەی باکوریش فێربێت و بۆ خۆی هەموو شتێکی دەنووسی، منیش مەتەڵ و چیروک و گۆرانیم ئامادە دەکرد.

ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسان لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی بە کۆتایی هاتنی چاپکردنی ئەم فەرهەنگە ئامادەبوون، لەوانە بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان دواو گوتی : یەکەمجار دەبێ بڵێین بنەماڵەی بەدرخانییەکان پێشەنگ بوونە لە پێشخستنی ڕۆشنبیری کوردی، بەتایبەتی کاتێ خوالێخۆشبوو میقداد بەدرخان سەد ساڵ بەر لەئەمڕۆ یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە میسر بڵاوکردەوە، دووەمیشیان دانانی ئەم فەرهەنگەیە لە سەردەستی خوالێخۆشبوو جەلادەت بەدرخان کە ئەمەش نیشانەی پابەندبوونی ئەم مرۆڤە گەورەیەیە بۆ کۆکردنەوەی وشە کوردییەکان، ئەمەش کارێکی دەگمەنە.

جێگەی ئاماژەیە، شازادە جەلادەت بەدرخان هەموو ژیانی بۆ نووسین و ئەدەب و ڕۆژنامەوانی کوردی تەرخانکردبوو، لە ساڵانی سییەکان لە سوریا توانی گۆڤارێکی کوردی بەناوی هاوار دەربکات، پاشان گۆڤاری ڕوناهی.

لە کارەکانی دانانی ئەلف و بێی کوردی و ڕێزمانی کوردی بە پیتی لاتینی، لەگەڵ وەرگێڕانی ژمارە پەرتووکێک لە کوردییەوە بۆ ئەو زمانە بیانییانەی کە بە باشی دەیزانی، وەکو زمانی فارسی، تورکی، عەرەبی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی و یۆنانی.

# خەون ... وەرگێڕان و فەلسەفە



ئازاد دارتاش

د دیروکا باژێرڤانیا ئیسلامێ دا، خەلیفێ عەباسی ئەلمەئمون پتر بڤێ چەندێ ناسیارە کو پویتە ب پروسێسا وەرگێرانێ دایە، د سەردەمە وی دا هەر وەک "ئیبن خلدون" دبێژیت مەزنترین سازیا وەرگێرانێ هاتە دروستکرن و ژێدەرێن دیرۆکی ژی دبێژن هن ئەگەرێن جوودا جوودا بوونە سەدەما گرنگیدانا خەلیفە ب پروسێسا وەرگێرانێ ، ژوانا خەونەک بوو. سەدەمێ پویتەدانا خەلیفێ عەباسی ب وێ پروسێسا هەستیار،خەون ژی هاتیە ناسین، ب ناڤێ "خەونا ئەلمەمونی". دبێژن خەلیفێ عەباسی د خەوێدا دیت مرۆڤەکێ رەنگ سپی، باڤ سۆر و ئەنی پان و خودان برۆیێن کەڤانی و پرچ سڤک و چاڤ نەرم لسەر تەختێ نڤستنیا وی رونشتبوو. مەئموون پێڤە دچیت و دبێژیت: ل بەرامبەر وی زەلامی ئەز ب رێز ڤە راوەستاوبووم و من ژێ پرسی : تو کی؟ بەرسڤدا و گۆت: ئەز ئەرەستۆم، ئێدی گەلەک ب دیدارا وی شادبووم و من گۆتێ: ئەرێ هوشمەند! دکارم پرسیارەکێ ژ تە بکەم؟ گۆت: بکە. ئێدی من ژێ پرسی: چ کارەک باشە؟ بەرسڤدا و گۆت: ئەو تشتێ ب باشی د هشێ مرۆڤی دا دمینیت. دیسان من ژێ پرسی: پاشان چ؟ گۆت: ئەو تشتێ ب چاکی د شەریعەتی دا باش هاتیە خویاکرن. دیسان من ژێ پرسی: پاشان چ؟ گۆت: ئەو تشتێ باش بیت ل جەم خەلکی. ئێدی من ژێ پرسی: پاشان چ؟ گۆت: پاشان نەما پاشان!. ئێدی ئەڤ خەونە بوو یەک ژ مەزنترین ئەگەرێن وەرگێران و وەشاندنا پەرتووکان.

هەر چەندە دبیت ئەڤ گوتنە یا راست نەبیت یان ژی خەون بابەتەکێ دەستکرد بیت بۆ پویتەدانا خەلیفێ عەباسی ب پروسێسا وەرگێرانێ، نەمازە د بوارێ فەلسەفێ دا. هن ئەگەرێن دن ل پشت ڤێ چەندێ هەنە کو ئەڤە بابەتێ مە نیە ،لێ شیا مەزنترین سازیا وەرگێرانێ د سەردمێ خوە دا پێک بینیت، و پایتەختێ دەولەتا خوە، بەغدایێ بکەتە سەنتەرەکی رۆناکبیریێ مەزن و کاریگەر د چاخێن ناڤین دا.

هەروەها پرۆسێسا وەرگێرانێ بکەتە سەدەما ب یەک گەهشتنا کەلتوورێن جیاواز و خوەندڤان شیا سەرهەلی فەلسەفا یونانی و ئەدەبێ فارسی و هوشمەندیا هندستانێ ببیت. گرنگ ئەوە بزانین کو چ پرۆسێسێن رابونگەری و رۆشنگەری و دیالوگێن چاندی درۆست نابن و سەرهەل نادەن گەر گرنگیەکا مەزن ب وەرگێرانێ نەهێتە دان. مخابن د پاژێرڤانیا ئیسلامی دا درێژە ب پلان و پرۆژەکتێن خەلیفێ عەباسی نەهاتیەدان و ئەڤە ژی بویە ئەگەرا پاشکەفتنا کەلتووری و بەرپابوونا هزرێن تۆندرەو وپتر داخستنێن جڤاکی.

تا ئیرۆ ژی وەرگیران وەک پێدڤیەکا سەردەمیانە د جڤاکێن رۆژهەلاتا ناڤین دا پرۆسێسەکا سست و خاڤە ،نەمازە بۆ سەر زمانێ عەرەبی لەوما د پرۆژەیێ رۆژهەلاتا ناڤینا مەزن دا، وەرگیران بویە مەرجەکێ سەرەکی د پرۆسێسا دیموکراتیزەکرنا ڤێ دەڤەرێ دە،چونکە ئێنتیگراسیۆن و تێکهەلی و دیالۆگ دناڤبەرا چاند و کەلتوورێن جیاواز دا مەرجەکێ سەرەکیە ژ بۆ ڤەبونا جڤاکان و یەکترناسینێ. د جڤاکێن ئیسلامی دا نەمازە د وەلاتێن عەرەبی دا پرۆسێسا وەرگێرانێ لاوازە، چونکە پوختەیا دەسەلاتدار نەمازە لسەر گۆتارا چاندی و سیاسی و ئایینی باوەری ب دیالوگێ نیە. رەوتەکێ دەمارگیر ب درێژەهیا سەدان سالان شیا کۆنترۆلا ڤادا چاندی بکەت و کەلتوورەکێ بەرهەم بینیت کو نە ب تەنێ دڤێت دگەل ئەوێ جیاواز، چ پرێن ب هەڤ گەهشتنێ نەبە، بەلکو وی ب دۆژمن و لادەر و گاوەر ددەتە ناسین.

ل کوردستانێ تا نها پلانەک وەها نەهاتیە دارێژتن کو ئەم بکارن بێژن ئەم خوەی سازیێن وەرگێرانێ نە، ئەگەر هەول ژی هەبن، لێ هەولێن شەرمن و بێ نەخشە و بێ پلان بونە. هەر چەندە نها شیان و دەرفەتێن باش د تەڤ بواران دا هەنە کو ب پروسێسا وەرگێرانێ خۆرت ببیت، لێ نزانم گەنگی دێ لیدەرەکێ مە دێ خەونەکێ مینا ئەلمەلمئونێ خەلیفە بینیت، تا گرنگیا عەقل و وەرگێرانێ بزانیت.

ئامادەکردنی: ڕۆژگار فازل



## وتارناسی.. هەنگاوێکی پیرۆزە



وتارناسی ئەو نامەی ماستەرەیە، کە هاوکارمان سالار عوسمان، نووسەر و شاعیر پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، وێڕای دەستخۆشی لەم پڕۆژە بەنرخە کە چەندین وتاری ئەدەبی دەگرێتە خۆی، هیوامان وایە کە ببێتە سەرچاوەی گەلێک داهێنانی دیکە، شایەنی باسە کە پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، پاشەکییەکی ڕەنگینی بۆ کتێبەکە نووسیوە کە بایەخی بەرهەمەکەو ڕۆڵی سالار عوسمان دەخاتە ڕوو لە بواری ڕاگەیاندندا، ئێمەش پیرۆزبایی لە نووسەری کتێب دەکەین و هیوای نامەی دکتۆرای لە ئایندە بۆ دەخوازین، جێگەی ئاماژەیە کە کتێبەکە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردییە ژمارە (٤)، کە لە لوبنان بەسەرپەرشتی ڕێدار سابیر چاپ کردووە.

(هەرێمی کوردستان)

## نوێترین چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی



### فەرهەنگی تەقی

بابەت: فەرهەنگی زمان
نووسینی: جەلال تەقی، عوسمان محەمەد هەورامی، محەمەد فاروق محەمەد ڕەمزی، عەبدوڵڵا حەسەن قادر



### دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی

بابەت: هونەری
نووسینی: بەختیار سەعید



### تاوانە ڕێکخراوەکان

بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: نەبەز تالیب



### تێکشکاندنی عەقڵ

نووسینی: عەلی عوسمان
وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا زەنگەنە



### ئاستەنگەکانی بەردەم هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی

نووسینی: دیاری قەرەداغی



### ڕەنگ لە ڕەنگداندا

لێکۆڵینەوەی چامە شیعری (ڕەنگدان)ی شاعیری گەل (شێرکۆ بێکەس)
نووسینی: ئەحمەد سالار



### واقیعییەتی نووسەر

نووسینی: ماریۆ ڤارگاس یۆسا
وەرگێڕانی: دلشاد کەریم خۆشناو



### هونەری دراما و ڕامانێک لە درامای کوردی

بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی



### فانتازیای داخراو

بابەت: ڕەخنەو توێژینەوە
نووسینی تەها ئەحمەد ڕەسوڵ



### تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا

بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی:جەلال ئەنوەر سەعید



### وێنەی ڕوونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات)ی قوبادی جەلیزادە دا

نووسینی: دەریا جەمال حەوێز حەوێزی

# بەردی بناغەی بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر دانرا



**رەزا کاکەیی/ هەولێر**

بە ئامادەبوونی بەڕێزان د. کاوە مەحموود شاکر وەزیری رۆشنبیری و لاوان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و تاهیر عەبدوڵڵا یاریدەدەری پارێزگار بەردی بناغەی بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر دانرا.

سەرەتا بەڕێز چیایی تەیمور عەبدال بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا ئاماژەی بە گرنگی ئەم پڕۆژەیە کرد و سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری هەولێری کرد بۆ ئەو هاوکارییە و پاڵپشتییەی کە لە وەرزش و لاوانی دەکەن.

پاشان وەزیری رۆشنبیری و لاوان لە وتەیەکدا گوتی: ئەم پڕۆژەیە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمە یەکەم پڕۆژە و دوایین پڕۆژە نابێ، لە پڕۆژەکاندا رەچاوی ناوچەکانما کردووە، لە سلێمانی و هەولێر و گەرمیان (٣٣) پڕۆژەیە و ئەمساڵ لە یاسای بودجەی ٢٠١٠ کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەری دەکرێ، ئاماژە بە وردەکارییەکانی بودجەکە کراوە و تێکڕای بودجەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکانی وەزارەت زیاتر لە ١٠٠ ملیار دینارە و پڕۆژەکان دابەش کراون بەسەر پارێزگاکانی سلێمانی (٣٦) پڕۆژە و هەولێر (٣٤) و دهۆک (٣٢) پڕۆژە.

هەر لە وتەکەیدا وەزیری رۆشنبیری و لاوان سوپاسی پارێزگارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکی کرد کە هاوکارییەکی باشی وەزارەت دەکەن بۆ ئەنجام دانی پڕۆژەکان.

دواتر پارێزگاری هەولێر وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا پیرۆزبایی لە وەرزشوانانی هەردوو گەڕەکی سەروەران و هاناستی کرد بۆ ئەم پڕۆژەیە کە بووە (١١)مین بنکەی وەرزش ولاوان لە هەولێر، ئەم پڕۆژانەش بە هەماهەنگی نێوان وەزارەت و پارێزگایە و جەختی لە بەردەوام بوونی ئەم هاوکاری و هەماهەنگییە بۆ خزمەتکردنی وەرزش و وەرزشوانان لە پایتەختی کوردستان.

لە لێدوانێکیدا، سەرۆکی ئەندازیارانی پێشکەوتوو محەمەد مستەفا عەباس، بەڕێوەبەری پڕۆژەی بنکەی وەرزش ولاوانی هەولێر گوتی: گوژمەی ئەم پڕۆژەیە ٢١ مالیار و ٦١ ملیۆن و ٧٤٦ هەزار دینارە و ماوەی تەواوکردنی پڕۆژەکە ساڵێکە.

هەروەها گوتی: ئەم پڕۆژەیە هەر بوارێک و هۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، هۆڵی کۆمپیوتەر و کارە هونەرییەکان، هۆڵی دوورمان، بلیارد، تایکواندۆ، تێنسی سەرمێز، بەرزکردنەوەی قورسایی و لەش جوانی، هۆڵی شانۆ بۆ (١٨٠) بینەر، چوار یاریگەی تارتان بۆ یارییەکانی تێنسی سەر زەوی، باڵە، باسکە، تۆپی دەست، مەلەوانگەیەکی نیوە ئۆلۆمپی.

